گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X




Vol.28 Issue 5 2024
ID No.1951 (PP 119- 133)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.5.8

توێژینەوە

# ڕۆڵی سەربازی یارمحەمەدخانی کرماشانی لەپێشهاتە ناوخۆییەکانی ئێران لەماوەی ساڵانی (1912 – 1908)

**دلزار صالح صادق/** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**پوختە**

وڵاتی ئێران لەسەرەتای سەدەی بیستەم کۆمەڵێک پێشهاتی ناوخۆیی گرنگ و هەستیاری بەخۆوەبینی، بەجۆرێک کاریگەری لەسەر سەرجەم کایەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە هەبوو، کە بەقۆناغێکی هەستیاری پڕ لەکێشمەکێشی سیاسی تێپەڕی، لەدیارترین ئەو پێشهاتانەش کە لەئەنجامی خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازان و ئازادیخوازان لە ئێران کە لەپێناو هێنانەدی ئازادی سیاسی و ژیانێکی دەستووری هەوڵەکانی خۆیان خستبووەگەڕ هاتە بەرهەم، زۆری نەبرد لەساڵی 1908 ململانێی ناوخۆیی لەنێوان شا و ئازادیخوازەکان سەری کێشا بۆ شەڕی ناوخۆیی و تا ساڵی 1912 درێژەی کێشا. گومانی تێدانییە لەم نێوەندەدا کوردەکانیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپێناو هاتنەکایەی ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین و نەهێشتنی جیاوازی نەتەوەیی و چینایەتی و دابینکردنی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەپاڵ ئازادیخوازانی ئێرانی خەباتیان کردو ژیانی خۆیان کردە قوربانی، لەدیارترین ئەو کەسایەتیانەش یارمحەمەدخانی کرماشانی بوو، کە یەکێک لەدیارترین سەرکردە کوردە ئازادیخوازەکانی وڵاتی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بوو، ناوبراو لەڕیزی سەرکردە هەرە گەورەو ناودارەکانی مێژووی ئێران دێت، کە لەپێناو ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین لەوڵاتی ئێران بەگشتی گیانی خۆی بەخشی.

CORRESPONDENCE
دلزار صالح صادق
dlzar.sadiq@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/03/31
پەسندکردن 2024/06/26
بڵاوکردنەوە 2024/10/15

**وشە سەرەکییەکان:**
یارمحەمەدخان،
کرماشان،
ئازادیخواز
ئێران،
سالارولدەولە.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

پێشهاتە ناوخۆییەکانی ساڵانی (1908 – 1912)ی وڵاتی ئێران بووە هۆی دەرکەوتنی کەسایەتییەکی ئازادیخوازو ئازادیخوازی کوردی لەڕۆژهەڵاتی و کوردستان بەگشتی و شاری کرماشان بەتایبەتی، بەناوی یارمحەمەدخانی کرماشانی، بۆیە کاتێک شای ئێران لەساڵی 1908 پەرلەمانی بەزەبری هێز داخست، تەنها یارمحەمەدخانی کرماشانی و دوو کوردی دیکەی شارەکە بوون لەسەرئاستی وڵاتی ئێران بەگشتی چوونە پاڵ ئازادیخوازانی شاری تەبریز و بەرگریان لەخەڵکی شارەکە کرد، ئەو ڕۆڵەی کە ناوبراو لەکاتی بەرگریکردن لەشارەکەدا بینی، بووەهۆی دەرکەوتنی ناوبانگی یارمحەمەدخان نەک هەر لەسەر ئاستی شاری کرماشان بەتایبەتی، بەڵکو بووە هۆی ناسرانی لەسەرتاسەری وڵاتی ئێران بە گشتی، جێگەی ڕیزو بایەخی ئازادیخوازان، بەڵام ململانێی سیاسی و کێبڕکێی ناوخۆیی لەنێوان هێزو لایەنە سیاسییەکان قوربانیدان و هەوڵەکانی ناوبراویان لەبەرچاو نەگرت و دوای دەستگیرکردنی دوورخرایەوە بۆ شاری کرماشان، سەرباری ئەوەش ناوبراو دەستەوەستان دانەنیشت، چونکە هەر لەدوای گەڕانەوەی سەرلەنوێ دەستیکردەوە بەجموجوڵ لەپێناوی فەراهەمکردنی ژیانێکی ئازاد بۆ سەرجەم خەڵکی ئێران و تاکو ساڵی 1912 بەردەامبوو، کە لەو ساڵەدا گیانی خۆی بەخشی.

ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە کە خەبات و تێکۆشانی سەرکردەی ئازادیخوازی کوردی یارمحەمەدخانی کرماشانی لەسەر ئاستی لەڕۆژهەڵاتی و کوردستان بەتایبەتی و وڵاتی ئێران بەگشتی بناسێنی، هەروەها لە هەڵومەرجی خەبات و تێکۆشان و ژیانی ناوبراو بکۆڵێتەوە. سەرباری ئەوەی پێگەی سەربازی ناوبراو لەژیانی سیاسی ئەو وڵاتە دیاری بکات، چونکە هەوڵەکانی یارمحەمەدخان کاریگەرییان لەسەر مێژووی بزاڤی ئازادیخوازی لە کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەبوو. هەروەها توێژینەوەکە لەو گریمانەیەش دەکۆڵێتەوە کە ئایا هەوڵەکان و خەبات و تێکۆشانەکانی یارمحەمەدخانی کرماشانی ڕووبەڕووی ئاستەنگ وڕێگری سیاسی بووەوە یاخود نا.

بێگومان نکوڵی لەوە ناکرێ کە پێشتر هەندێ کتێب و نووسین لەبارەی ژیان و خەباتی چەکداری یارمحەمەدخانی کرماشانی لە وڵاتی ئێران نووسراوە؛ وەکو: (جاوید. سلام الله (1358هـ.ش)، فداکاران فراموش شده سده آزادی/ فیداکارانی لەبیرکراوی سەدەی ئازادی) و (کازرونی. جعفر (1367هـ.ش)، تاریخ پهلوانی در کرمانشاه/ مێژووی پالەوانی لە کرماشان). بەڵام ئەم بابەتە هێشتا توێژینەوەی زیاتر هەڵدەگرێ و پێویستی بەوەیە کە بەسەرچاوەی ڕەسەن وتوێژینەوەی نوێ هەموو لایەنەکانی ڕوونبکرێتەوەو شرۆڤە بکرێ. سەرباری ئەوەش دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو نووسینانەی پێشوو لەخودی وڵاتی ئێران وبەزمانی فارسی نووسراون. لەکاتێکدا لەهەرێمی کوردستان وبەتایبەتی لەزانکۆکانی هەرێم، ئەم بابەتە مێژووییە لای لێنەکراوەتەوەو بەدیاریکراویش توێژینەوەی ئەکادیمی بەزمانی کوردی لەبارەوە نەکراوە. ئەمانەش هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە پێکدێنن. واتە دەیەوێ بەسەرچاوەی نوێتر و لەگۆشە نیگایەکی تر بابەتەکە شەن و کەوی بابەتەکە بکات و ڕۆشنتری بکات

لەم توێژینەوەیەدا لەچوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویدا، هەردوو شێوازی پێکهاتەیی (ترکیبی) وشیکاری (تحليلي) پەیڕەوکراوە. چونکە بۆ وێناکردنەوەی ڕۆڵی چەکداری یارمحەمەدخانی کرماشانی لەپێشهاتە ناوخۆییەکانی ئێران لەماوەی ساڵانی (1908 – 1912)، پێویست بەوە دەکات زانیاریە مێژووییەکان کۆبکرێنەوەو لێکبدرێن. تا خەملان وپێکهاتنی پارتەسیاسییەکانی ئەو ماوەیە ڕوونبکرێتەوە. دواتریش لەڕێگەی شرۆڤەکردن و شیکارییەوە ئایدیۆلۆژیای پارتەکان و کاریگەرییان لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران بە دیاربخرێ.

ئەو توێژینەوەیە لە شەش تەوەری سەرەکی پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا سەرباری کەمی زانیاری لەسەرچاوە مێژووییەکاندا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تیشک خراوەتە سەر ژیان و بنەچەی یارمحەمەدخانی کرماشانی و بەپێی توانا هەوڵدراوە زانیارییەکانی تایبەت بەژیانی ناوبراو ئەگەر کەمیش بێت لێرە دابندرێت، هەروەها لەتەوەری دووەمیش باس لەپێشهاتە ناوخۆییەکانی ئێران دەکات لەساڵی 1908 کە بووە هۆی دەرکەوتنی کەسایەتی یارمحەمەدخان، تەوەری سێیەمیش باس لە ڕاپەڕینی شاری تەبریز چوونی یارمحەمەدخان دەکات بۆ ئەو شارەو بەرگریکردنی ناوبراو لەخەڵکی سارەکەدا، تەوەری چوارەمیش باس لەدەرکەوتنی ململانێی سیاسی نێوان پارتە سیاسییەکانی شاری تەهران و دوورخستنەوەی یارمحەمەدخان بۆ ساری کرماشان، لەتەوەری پێنجەم باس پێشهاتە ناوخۆییەکانی کرماشان و هەوڵەکانی ناووبراو دەکات لەشارەکە، تەوەری شەشەمیش باس لەدوایین هەوڵەکانی یارمحەمەدخان دەکات لەپێناوی ئازادیخوازی و کوژرانی لەو پێناوەدا دەکات.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پشت بەکۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز بەستراوە کە بەزمانی (فارسی) نووسراون، چونکە تا ئەو کاتەی توێژەر لەبارەی ئەو کەسایەتییە توێژینەوەکەی نووسی هیچ سەرچاوەیەک یاخود توێژینەوەیەکی بەزمانە جیاوازەکان بەدەست نەکەوت، تەنانەت سەرچاوە فارسییەکانیش زۆر بەکەمی ئاماژەیان بەژیان و خەبات و تێکۆشانی ئەو سەرکردە دیار و سەربازییەی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری کرماشان کردووە، کەئەمەش دەکرێت بڵێین یەکێک لەگرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە بوو. ئەو سەرچاوانەش کە بۆ ئەو توێژینەوەیە سوودیان لێوەرگیراوە خۆیان لە بەڵگەنامەی بڵاوکراوەو یادداشت و بیرەوەرییەکانی کەسایەتییە سیاسییەکان، کە سەرچاوەی گرنگ و پڕبایەخن، کتێب ونووسینەکانی مێژوونووسانی ئێرانی کە لێرەدا بەکارهاتوون، بایەخی خۆیان هەیەو زۆر کەلێنی بابەتەکەیان پڕکردۆتەوە. لەنێو بەڵگەنامەکاندا کتێبی بەڵگەنامەیی (کتاب آبی/ کتێبی شین) یەکێک لەو سەرچاوە گرنگانەیە کە توێژەر سوودی لێبینیوە، چونکە ئەو کتێبە بەڵگەنامەییە خۆی لە ڕاپۆرتی نهێنی کونسوڵخانەی بەریتانیا لەشاری کرماشان و باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەشاری تەهران کە بۆ  وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان ناردووە دەبینێتەوە، بەتایبەتی سوود لە بەرگەکانی (5 – 8)ی ئەم کتێبە بەڵگەنامەییە  وەرگیراوە، چونکە تیایدا زۆر بەوردی باسی لەباروودۆخی ئێرانی ماوەی ساڵانی (1908 – 1912) کردووە، تیشکی خستۆتە سەرهەوڵەکانی یارمحەمەدخان. لەنێو یادداشتەکانیش دەکرێت باس لە یادداشتەکانی ( فریدالملک همدانی) بکەین بەناونیشانی (خاطرات فرید/ بیرەوەرییەکانی فەرید)، چونکە ناوبراو فەرمانبەری باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئێران بووە لەشاری کرماشان لەماوەی ساڵآنی (1908 – 1912)دا، زۆربەی ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو شارەو پێشهاتە ناوخۆییەکانی ئێرانی لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا بەساڵ و ڕۆژ تۆمارکردووەو ئاگاداربووەو لەنزیکەوە یارمحەمەدخانی کرماشانی بینیوەو کاری لەگەڵداکردووە. هەروەها یادداشتەکانی (کسروی، تاريخ هجده ساله آذربایجان/ مێژووی هەژدە ساڵەی ئازربایجان) کە ئەویش یەکێک بوو لەدیارترین نووسەرو سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنووسەکانی ئێرانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، لەناو ڕووداوەکانی شاری تەبریزدا ژیابوو، لەکتێبەکەی خۆیدا زۆر بەوردی باسی لە ڕۆلی یارمحەمەدخانی کرماشانی کردووە. لەنێو کتێبەکانیشدا دەکرێ باس لەکتێبەکەی مێژوونووس (کازرونی، تاریخ پهلوانی در کرمانشاه/ مێژووی پاڵەوانی لە کرماشان) بکەین، ئەگەرچی ناوبراو لەکتێبەکەیدا باسی پاڵەوانەکانی شاری کرماشانی بەگشتی کردووە، یارمحەمەدخانیش وەکو یەکێک لە پاڵەوانەکانی ئەو شارە، کە لەو کتێبەدا ئاماژەی پێدراوەو باس لەژیانی و ڕۆلی سەربازی و چەکداری کراوە، کە لەم توێژینەوەیە سووی لێبینراوە.

لەڕستیدا لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە گوایە گەلی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنها خەباتی لەپێناوی سەربەخۆیی کردووە و هیچ هەوڵێکی بۆ ژیانی دەستووری و پەرلەمانی و ئازادی سیاسی لە وڵاتی ئێران نەداوە، لەکاتێکدا هەوڵە سەربەخۆخوازییەکانی کورد لەلای ئێرانی و مێژوونووسانی ئێرانی بە جوداخواز ناوبراون، ئەگەرچی ناکرێ نکۆڵی لەوە بکرێت کە کوردەکان بەگشتی لەو پارچەیەی کوردستان و پارچەکانی تریش بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەوڵیانداوە، بەڵام بەر لەوەی بۆ سەربەخۆیی هەوڵیاندابێت سەرەتا لەپێناوی هێنانەدی ژیانێکی ئازادو یەکسان و نەبوونی جیاوازی چینایەتی و نەتەوەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتی لەئێران هەوڵیانداوە، بۆیە ناکرێت ڕۆلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و وڵاتی ئێران بەگشتی لەبەرچاو نەگیرێت کە لەپێناوی هێنانەکایەی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە وڵاتی ئێران خەباتیان کردووە، لەم نێوەندەشدا ڕۆلی سەربازی (یارمحەمەدخانی کرماشانی) بەنمونە وەرگیراوە.

### 1.ژیان و بنەچەی:-

لەڕاستیدا لەسەرچاوە فارسییەکاندا زانیاری سەبارەت بە ژیان و بنەچەی یارمحەمەدخانی کرماشانی، بەشێوەیەکی کەم لەبەردەستدایە، تەنها ئەوە زانراوە کە ناوبراو کوڕی کەسێک بوو بەناوی (میرزا محەمەد) کە سەرۆکی (هۆزی زەردەڵان[1])ی بوو (امیر احمدی، 1373هـ.ش، 550). دایکیشی ناوی (بەڵقیس) بووەو لەساڵی 1879  لەگوندی (زەردەڵان[2])ی سەر بەشاری کرماشان لەدایکبووە (کازرونی، ج1، 1376هـ.ش، 112). هەروەها زڕ برایەکیشی هەبوو بەناوی حوسێن خان (جاوید، 1358هـ.ش، 41). سەرباری ئەوەی یارمحەمەدخان ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنابوو، خێزانەکەی ناوی (زینەت) بوو(کازرونی، ج1، 1376هـ.ش، 1126). هەروەها دوو کوڕ و دوو کچیشی هەبوو، کوڕەکانی ناویان (شێرزاد ئێرشادی و حوسێن ئازەربەگی) (جاوید، 1358هـ.ش، 55). سەبارەت بەناوی کچەکانی دیارە لەسەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێنەکراوە، ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یارمحەمەدخان بەر لەوەی بناسرێت، کەسێکی نە ناسراو بوو، بۆیەش بۆ توێژەرانی مێژوو ئاسان نەبووە زانیاری لەبارەی ناوبراو دەست بخەن. بەڵکو تەنها یەکێک لەسەرچاوەکان ئاماژەی بەناوی کچێکی ناوبراو کردووە بە ناوی (قەمەرتاج) (کازرونی، ج1، 1376هـ.ش، 1126).

لەبارەی ئاستی خوێندن و خوێندەواری یارمحەمەدخان، لەسەرچاوەکاندا ئاماژە بە ئاستی خوێندەواری ئەو نەکراوە، بەمەش دەردەکەوێت کە ناوبراو کەسێکی نەخوێندەواربووەو نەچۆتە قوتابخانە (ملک زاده، 1358هـ.ش، ج6 و 7، 1568). ئەمەش پێدەچێت لەبەر هەژاری و خراپی باری داراییان بوويێت، چونکە بەهۆی خراپی بارودۆخی داراییان ناوبراو ماوەیەک لەمەیدانی میوەفرۆشانی شاری کرماشان کاری میوە فرۆشی کردووە، بۆ هاوکاریکردنی بنەماڵەکەی (پروانە، بهار 1393هـ.ش، 112). بەڵام

لەگەڵ ئەوەشدا یارمحەمەدخان یەکێک بوو لە وەرزشکارە دیارەکانی شاری کرماشان لەسەردەمی خۆی، بەتایبەتی لە وەرزشی (زۆرانبازی)دا وەرزشکارێکی بەتواناو لێهاتوو بوو (سلطانی، 1370هـ.ش، 228؛ کازرونی، ج1، 1376هـ.ش، 112 – 114).

### 2. دەرکەوتنی یارمحەمەدخان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی:-

یارمحەمەدخانی کرماشانی تا ساڵی 1908 لەمێژووی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەسێکی نادیار و نەناسراوبوو، چونکە تا بەر لەو ساڵە لەسەرچاوە مێژووییەکانی ئێرانی تایبەت بەو قۆناغە هیچی لەبارەیەوە نەنووسراوەو نەزانراوە. بەڵام پێشهاتە ناوخۆییەکانی ساڵی 1908 لەئێران ڕۆلی هەبوو لەدەرکەوتنی کەسانی ئازادیخوازی نادیار [سەربازی ون] لەسەرتاسەری ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەتایبەتی، یارمحەمەدخانی کرماشانی یەکێک بوو لەوان. لەساڵی 1908 ڕەوشی ناوخۆیی ئێران لەڕووی سیاسییەوە بەرەو ئاڵۆزی چوو، بەهۆی سەرهەڵدانی ململانێ لەنێوان شای ئێران، محەمەدعەلی شای قاجار (1907 – 1909) و پەرلەمانی ئەو وڵاتە، لەسەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی شاو ڕێگریکردنی شا لەدەستوەردان لەکاروباری دەوڵەت، هەنگاوەکانی پەرلەمان پاڵی بە محەمەدعەلی شا نا، بۆ ئەوەی هەنگاوی توند بەرامبەر بە پەرلەمان بگرێتەبەر، بۆ ئەو مەبەستەش هێزەکانی (قۆزاق[3]) لە 23ی حوزەیرانی 1908 بە فەرمانی شا پەرلەمانیان تۆپباران کرد و بەزەبری هێز دایانخست (صادق، 2016، 63 - 66).

گومانی تێدانییە کە ئەو ڕووداوەش دەنگدانەوەی گەورەی لەسەرتاسەری ئێران بەدوای خۆیدا هێنا. بەجۆرێک ئازادیخوازەکانی شاری تەهران بەر لەوەی پەرلەمانی ئێران لەلایەن هێزەکانی شا تۆپباران بکرێت داوای بەهاناوە چوونیان لەتەواوی هەرێم و ناوچە جیاوازەکانی ئەو وڵاتەکرد، بەمەش هەریەک لە یارمحەمەدخانی کرماشانی و برایەکی و هاوڕێیەکی نزیکی کە هەردووکیان ناویان (حوسێن خان) بوو، چەک و ئەسپیان کڕی و لەشاری کرماشان بۆ بەهاناوە چوونی پەرلەمان بەرەو شاری تەهران بەڕێکەوتن، بەڵام کاتێک گەیشتنە شاری (قوم) هەواڵیان پێگەیشت کە پەرلەمان بەزەبری هێز داخراوە (کسروی، 1363هـ.ش، ج2، 673). بۆیە دوای ئەوەی چەند ڕۆژێک مانەوەیان لەشاری قوم، کاتێک هەواڵی بەرگری شاری (تەبریز[4])یان لەباکووری ڕۆژئاوای ئێران پێگەیشت، بڕیاریاندا بچنە هانای تەبریزییەکان، بەمەش لەدوای ناخۆشییەکی زۆر توانیان خۆیان بگەیەننە ئەو شارەو چوونە ڕیزی ئازادیخوازەکانی ئەوێ (ملک زادە، 1358هـ.ش، ج6 و 7، 1568). ئەم هەنگاوەی یارمحەمەدخان دەبێتە سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی کەسایەتییەکی ئازادیخوازی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمێژووی هاوچەرخی ئێران.

جێگەی ئاماژەیە کە خۆڕاگری شاری تەبریز بەرامبەر بەهێزەکانی ئێران و سەرکەوتنەکانی شۆڕشگێڕانی ئەو شارە، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەرتاسەری ئێران دروستکردو لەزۆربەی شارو شارچکەکانی ئەو وڵاتە، ئازادیخوازن لەلایەن خۆیانەوە لەدژی حکومەتی ناوەندی ڕاپەڕین (کسروی، 1386هـ.ش، 17 – 18). گومانی تێدانییە کە ئەمەش هاندەربوو بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕەکان بەرەو شاری تەهران بەڕێکەون و لە 16ی تەمموزی 1909 دەستیان بەسەر ئەو شارەدا گرت و محەمەدعەلی شایان لەهەمان ڕۆژدا لەدەسەڵات دوورخستەوەو کوڕەکەیان بەناوی ئەحمەد شای قاجار (1909 – 1925) لەشوێنی ئەودا خستە سەر تەختی دەسەڵات (صادق، 2016، 67 – 68).

### 3.ڕاپەڕینی شاری تەبریز و ڕۆڵی یارمحەمەداخانی کرماشانی لەبەرگریکردن لەو شارە:-

شاری تەبریز لەسەردەمی فەرمانڕەوایی قاجارەکان (1794 – 1925)، ناوەندی نیشتەجێبوونی شازادەی جێنشین بوو، ئەو شارە لەپێشهاتە ناوخۆییەکانی ئێرانی ماوەی ساڵانی (1905 – 1911) ڕۆلی بەرچاوو گرنگی بینیوە، بەتایبەتیش لەبەرگریکردن لەشۆڕشی مەشروتە (1905 – 1911)دا (افشار سیستانی، 1382هـ.ش، 331، 333). دوای ئەوەی محەمەدعەلی شا پەرلەمانی لەکارخست، هەستا بە کوشتن و لەسێدارەدانی ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمان و گۆڕینی فەرمانڕەوای هەرێم و ویلایەتەکان (فریدالملک همدانی، 1351هـ.ش، 301 – 302). جێگەی ئاماژەیە زۆربەی شارەکانی دیکەی ئێران نەک بەرگرییان نەکرد، بەڵکو هەڵوێستیشیان نەبوو، لەناویاندا تەنها شاری تەبریز نەبێت، لەدژی هەوڵەکانی شا وەستایەوەو بەرگری کرد (کسروی، 1363هـ.ش، ج2، 673). بۆ ئەو مەبەستەش ئەنجومەنی ئەیالەتی شارەکە لەدوای داخرانی پەرلەمان خۆی وەک شوێنگرەوەی پەرلەمانی ئێران ناساند، ئەمەش هانی محەمەدعەلی شا هێزێکی سەربازی ناردە سەر شارەکەو بۆ ئەوەی ئەو هەوڵەیان سەرکوت بکات بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئازادیخوازەکانی شاری تەبریز کەوتنە بەرگریکردن لەشارەکەیان (کسروی، 1363هـ.ش، ج2، 732، 735 - 737).

لەم بارەیەوە مێژوونووسی دیاری ئێرانی (ئەحمەد کەسرەوی/ 1890 – 1945) کەخۆی لەناو ڕووداوەکانی شاری تەبریز ژیابوو، لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:"کاتێک شاری تەبریز خۆڕاگری کرد، بێجگە لە ئازادیخوازانی ئەرمەنی و گورجی و تورک و قەفقازی، کە چوونە یاوەری تەبریز، لەشارەکانی ناوخۆی ئێران هیچ کەسێک نەچوو بێجگە لەیارمحەمەدخان و هاوڕێکانی نەبێت"

(کسروی، 1363هـ.ش، ج2، 673). گومانی تێدانییە کە ئەمەش دلێری و پەرۆشی یارمحەمەدخانی کرماشانی دەردەخات بۆ بەرگریکردن لەئازادی و ژیانی دەستووری لەسەرتاسەری ئێران، کە ئامادەبوو لەو پێناوەدا گیانی خۆی بکاتە قوربانی.

یارمحەمەدخان و هاوەڵەکانی دوای چوونیان بۆ شاری تەبریز، پەیوەندیان بە ئەنجومەنی ئەیالەتی ئەو شارەکردو ئامانجی چوونیان بۆ ئەوێ ڕوونکردەوە، ئەوانیش بەگەرمی پێشوازیان لێیانکرد، هەرئەمەش هاندەربوو بۆ ئەوەی یارمحەمەدخان لەگەڵ (ستار خان(5)) پەیوەندی دروست بکات و لەزۆربەی شەڕەکانی تەبریز هاوشانی ئەو دەجەنگا (جاوید، 1358هـ.ش، 42). هەرلەدوای چوونی یارمحەمەدخان بۆ تەبریز ژمارەیەکی تر لە ئازادیخوازانی کوردی شاری کرماشان چوونە ڕیزی ئازادیخوازانی شاری تەبریزو لەژێر فەرماندەیی ئەودا جەنگان (پروانە، بهار 1393هـ.ش، 113).

شیاوی باسە گەمارۆدانی شاری تەبریز لەلایەن هێزەکانی حکومەتی ئێران ماوەی 11 مانگی خایاند (کسروی، 1363هـ.ش، ج2، 673). بەدرێژایی ئەو ماوەیە یارمحەمەدخان زۆر قارەمانانە بەشداری لەزۆربەی ئەو شەڕانەدا کرد کە لەشاری تەبریز و ناوچەکانی دورووبەری ڕوویدا، بەهۆی ئەو ئازایەتییەی نیشانیدا لەلایەن خەڵکی شارەکە ناسناوی (فەرماندەی ئازادیخوازان[6])ی پێبەخشراو، بووە جێگەی خۆشەویستی خەڵکی شارەکەو ستار خانی فەرماندەی ئازادیخوازانی تەبریز (کازرونی، 1367هـ.ش، 117). تەنانەت لەیەکێک لەشەڕەکانی بەرگریکردن لەشاری تەبریز برینداریش دەبێت و گوللەیەکی بەر قاچی دەکەوێ، بەڵام بەهۆی لەخۆبوردەیی و پەرۆشی بۆ ڕزگاربوونی شارەکە کە لەژێر گەمارۆی حکومەتی ئێراندابوو، دوای تەنها سێ ڕۆژ دەگەڕێتەوە بۆ بەرەکانی جەنگ بۆ پاڵ ستارخانی هاوسەنگەری (درویشیان، 1357هـ.ش، 36 - 37).

### 4.دوورخستنەوەی یارمحەمەدخان بۆ شاری کرماشان:-

لەدوای داگیرکردنی شاری تەهران و دوورخستنەوەی محەمەدعەلی شا لەدەسەڵات، ئازادیخوازەکان دابەشی سەر دوو بەرەی جیاوازی دژ بەیەک بوون، بەرەیەکیان کە زیاتر باڵی ئازادیخوازی بوو لەدەوری پارتی دیموکرات[7] کۆبوونەوە، بەرەکەی تریان لەدەوری پارتی پارێزگاران[8]، ئەو دوو پارتە ململانێیەکی توند لەنێوانیاندا هەبوو، بەجۆرێک ئەندام و لایەنگرانی یەکتریان تیرۆر دەکرد (کسروی، 1386هـ.ش، 117 – 122). سەرباری ئەوەی یارمحەمەدخانی کرماشانی خزمەتێکی زۆری پێشکەشکردبوو لەئازادکردنی شاری تەبریز و بەشداری لەڕزگارکردنی شاری تەهران کرد، بەڵام لەدوای ئەوەی حکومەت لەلایەن پارتی پارێزگاران پێکهێنرا بەسەرۆکایەتی کەسێک بەناوی (سپەهداری ئەعزەم[9])، دیارە بەهۆی ئەوەی ناوبراو کینەی لە دیموکراتەکان هەبوو سەرەتا بڕیاری قەدەغەکردنی پارتی دیموکرات دەرکردو پاشانیش فەرمانی گرتن و دوورخستنەوەی بۆ ئەندامەکانی ئەو پارتە دەرکرد (درویشیان، 1357هـ.ش، 39). بەپێی بەڵگەنامەیەکی نهێنی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی، دیارە ئەم هەنگاوەی حکومەت ببووە جێگەی نیگەرانی ئەندامانی پارتی دیموکرات لەناو پەرلەمانی ئێران، کەژمارەیان (20) ئەندام بوو، لێپرسینەوەیان لە وەزیری ناوخۆی ئێران کرد، کە خەریک ببوو شەڕ لەنێوان ئەندامەکان دروست بێت، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان توانیبووی کۆتایی بە کێشەکە بهێنێت (کتابی آبی، 1363هـ.ش، ج5، 1055).

بۆ ئەو مەبەستەش حکومەت لەشەوی 21ی ئاداری 1911 یارمحەمەدخانی کرماشانی دەستگیر کرد (درویشیان، 1357هـ.ش، 39)، حکومەت سەرەتا ناوبراوی بۆ ماوەی دوو هەفتە خستە بەندیخانەو پاشان بۆ شاری کرماشان دووری خستەوە، تاکو لەوێوە دووربخرێتەوە بۆ دەرەوەی ئێران (جاوید، 1358هـ.ش، 48). بەڵام کاتێک یارمحەمەدخان گەیشتە دەرەوەی شاری تەهران لەلایەن هاوڕێ و هاوسەنگەرەکەی حوسێن خان، هێرش دەکرێتە سەر ئەو پۆلیسانەی کە ئەرکی دوورخستنەوەی یارمحەمەدیانیان بۆ کرماشان پێسپێردرابوو، کە ژمارەیان چوار کەس بوو، بەمەش دەتوانێ یارمحەمەدخان لەچنگی پۆلیسەکان ئازاد بکات (کازرونی، ج1، 1376هـ.ش، 119). بەم شێوەیە یارمحەمەدخان دوای ڕزگاربوونی لە 11ی نیسانی 1911 دەگەڕێتەوە بۆ شاری کرماشان و لەڕۆژی دواتر سەردانی ئەنجومەنی ئەیالەتی شارەکەی کرد، هەرچەندە لەلایەن چەند پۆلیسێکەوە هەوڵدرا دەستگیری بکەن، بەڵام دوای ئەوەی چەند تەقەیەکی لەپۆلیسەکان کرد، ناچاربوون ڕایبکەن (کتابی آبی، 1363هـ.ش، ج5، 1076 – 1077).

هەرچەندە دیارنییە کە یارمحەمەدخان بۆ چ مەبەستێک سەردانی ئەنجوومەنی ئەیالەتی کرماشانی کردبوو، بەڵام بەپێی یەکێک لەو نامانەی کە یارمحەمەدخانی کرماشانی لەو ماوەیەدا بۆ پەرلەمانی ئێرانی ناردبوو، تیایدا ئاماژەی بەو زوڵم و ستەمە کردبوو کە بەرامبەر بە ئەو کرابوو، کە چۆن بە نارەوا دەستگیرکراوەو دوورخراوەتەوە بۆ شاری کرماشان (گزیده اسنادی از وقایع مشروطیت در کردستان و کرمانشاه، 1385هـ.ش، 74). هەربۆیە لەدوای گەڕانەوەی ناوبراو بۆ کرماشان دەردەکەوێت کەوا چۆن خەڵکی شارەکە لەدەوری ماڵی یارمحەمەدخان کۆببوونەوەو پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو راگەیاند (کازرونی، ج1، 1376هـ.ش، 119). چونکە لەیەکێکی دیکە لە بەڵگەنامەکان دەردەکەوێت کە لەلایەن بەشێک لەخەڵکی شاری کرماشان لەڕێگەی ئەنجومەنی ئەیالەتی شارەکە تەلەگرافێکیان ئاراستەی حکومەتی ناوەندی و پەرلەمانی ئێران کردبوو، تییایدا داوایان لەحکومەتی ناوەندی کردبوو لەو کاتەی کە

یارمحەمەدخان گەڕاوەتەوە بۆ شاری کرماشان، بەشێوەیەکی گشتی ڕەوشی شارەکە بەرەو ئارامی و تەناهی چووەو هیچ جۆرە شەڕو تەقەکردنێک و دەستدرێژییەکی شەوانە بۆ سەر هاووڵاتیان نەماوە، بۆیە داوایان لە حکومەت کردبوو هەوڵ و ماندووبوونەکانی یارمحەمەدخان لەبەرچاوبگیرێت لێی خۆشبن (گزیده اسنادی از وقایع مشروطیت در کردستان و کرمانشاه، 1385هـ.ش، 81). سەرباری ئەوەی داوایان لەحکومەت کردبوو بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ دەرەوەی ئێران هەڵوەشێنێتەوە (کازرونی، ج1، 1376هـ.ش، 119). سەرەنجام حکومەتی ناوەندی لەژێر فشاری هەڕەشەی جەماوەری شاری کرماشان و پشتیوانی خەڵکی شارەکە ناچاربوو لە 16ی شوباتی 1911 تەلەگرافێکی ئاراستەی فەرمانگەکانی کرماشان کرد و تیایدا فەرمانی لێخۆشبوونی بۆ یارمحەمەدخان دەرکردبوو (فریدالملک همدانی، 1351هـ.ش، 367). بەم شێوەیە یارمحەمەدخان لەژێر فشاری جەماوەری شاری کرماشان لەحکومەتی ناوەندی و پشتیوانی خەڵکی شارەکە بۆی، توانی لەشاری کرماشان بمێنێتەوەو بەئازادی درێژە بەژیانی ئاسایی خۆی بدات، بەڵام ئەمەش بۆ ماوەیەکی درێژ نەبوو چونکە بەماوەیەکی کەم لەدوای گەڕانەوەی ناوبراو ڕەوشی ئێران بەگشتی و شاری کرماشان بەتایبەتی دەگۆڕێت و حکومەت ناچار دەبێت هانای بۆ بباتەوە.

شیاوی باسکردنە، سەرچاوەکان لەبارەی هۆکاری پشت دوورخستنەوەی یارمحەمەدخانی کرماشانی لەلایەن حکومەتەوە ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەیە، یەکێک لەوانە هۆکاری دوورخستنەوەکەی گەڕێنادۆتەوە بۆ دەست بەسەرداگرتنی حکومەت لەلایەن پارێزگارەکان، چونکە وەک دیارە کە لەکەسانی دەرەبەگ و خانەدان پێکهاتبوو پارتەکە، بۆیە دژایەتی کەسانی ئازادیخوازو ئازادیخوازی هاوشێوەی (یارمحەمەدخان)یان کردووەو بیانوویان پێگرتوون و لەپایەتخت دووریان خستونەتەوە (درویشیان، 1357هـ.ش، 39). بەڵام یەکێکی دیکە لەمێژوونووسان کە لەناو ڕووداوەکان ژیاوەو ئەندامی پارتی دیموکرات بووە، لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژەی بەوەداوەو دەڵێت:"یارمحەمدخان... ئەندامی پارتی دیموکرات بوو، کوێرانە فەرمانەکانی ئەوانی جێبەجێ دەکرد" (ملک زاده، 1358هـ.ش، ج6 و 7، 1568). بەتایبەتیش بەشداریکردنی ناوبراو لەکوشتنی کەسێک بەناوی (عەلائولدەولە[10]) بەفەرمانی پارتی دیموکرات، بۆیە ئەو پارتەیە چالاکی سیاسی لێ قەدەغەکراو ئەندام و لایەنگرانیشی دەستگیرکران و دوورخرانەوە (ملک زاده، 1358هـ.ش، ج6 و 7، 1571). لێرەدا دەکرێت بڵێین هەرچەندە گومانی تێدا نییە کە یارمحەمەدخان ئەندامی پارتی دیموکرات بووە، بەڵام هۆکاری دوورخستنەوەکەی زیاتر پەیوەندی بەملململانێی سیاسی نێوان پارتە سیاسییەکان بەگشتی و هەردوو پارتی دیموکرات و پارێزگاران بەتایبەتی هەبووە، چونکە ئەگەر یارمحەمەدخان کوشتنی کەسەکەی بەسەردا ساغ ببایەوە ئەوا بەئاسانی حکومەت بڕیاری دوورخستنەوەی نەدەداو لەتەهران دەیهێشتەوەو بەندی دەکرد، بۆیە دەکرێت بڵێین هۆکاری دوورخستنەوەی پەیوەندی زیاتر بە پێگەی یارمحەمەدخان هەبووە کەکەسێکی ئازادیخوازێکی خۆشەویست و ناسراوبووەو ناوبانگێکی زۆری لەسەر ئاستی ئێران هەبوو، بەمەش هەوڵدراوە ئەو جۆرە کەسانە لەمەیدانی سیاسەت دووربخەنەوە. چونکە لەم بارەیەوە یەکێک لەسەرکردەکانی پارتی دیموکرات بەناوی (سەید حەسەن تەقیزادە/ 1878 – 1970) لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:"لەکتێبی شین[11] نووسرابوو، ئینگلیزەکان دەیانویست فەرمانڕەوایەکی بەهێز بۆ [هەرێمی] فارس دانێن، بۆیە عەلائولدەولەیان هەڵبژارد... بەڵام بەچوونی تەقیزادە بۆ تەهران پلانەکە هەڵوەشایەوە... عەلائولدەولە کە جێگەی نەفرینی مەشروتەخوازەکان بوو... لەلایەن کەسانی سەر بەیارمحەمەدخان کوژرا" (تقی زادە، 1358هـ.ش، 150). لێرە بەڕوونی دەردەکەوێت سەید حەسەن تەقیزادە کەسەرکردەی پارتی دیموکرات بووەو زۆربەی پلانەکانی ئەو پارتە بەئاگاداری و فەرمانی ئەو جێبەجێ دەکران، باسی لەوە نەکردووە کە یارمحەمەدخان ئەو کەسایەتییەی کوشتبێت، هەروەها بەڵگەنامەی نهێنی بەریتانییەکانیش بەڕوونی ئاماژەیان بەوە نەداوە کە ئەوانەی عەلائولدەولەیان کوشت کێ بوونە، ئایا یارمحەمەدخان بووە یاخود بەدارودەستەکەی بوونە، بەڵکو زیاتر باسی تێکچوونی ڕەوشی تەهرانی کردووە لەدوای ئەو ڕووداوە (کتاب آبی، 1365هـ.ش، ج6، 1376 – 1377). هەر لەم بارەیەوە (ویلیام مۆرگان شۆستەر)ی ئەمریکی و بەرپرسی باج و دارایی ئێران بوو لەساڵی (1910 - 1911)، لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:" لە 1ی کانونی یەکەمی [1910] بیستم سێ کەس لەسەربانی ماڵی هاوسێی عەلائولدەولە تەقەیان لێکردوو کوشتیان...بێگومان ئەو کوشتنە کاری ئەنجومەنی نهێنی شاری تەهران بوو" (شوستر، 1389هـ.ش، 149).

## 5.یارمحەمەدخان و پێشهاتە ناوخۆییەکانی کرماشان:-

دوای دوورخستنەوەی یارمحەمەدخانی بۆ شاری کرماشان، جارێکی دیکە جەند پێشهاتێک لەسەر ئاستی ئێران بەگشتی و شاری کرماشان بەتایبەتی ڕوویدا، کە بووە هۆیە ئەوەی سەرلەنوێ حکومەتی ئێران هانا بۆ یارمۆەمەدخان ببات و داوای هاوکاری لێبکات لەگێڕانەوەی سەقامگیری بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و شارەکانی کرماشان و سنە بەتایبەتی. ئەو پێشهاتەش بزوتنەوەی سالارولدەولە[12] بوو. سالارولدەولە پێشتریش لەساڵی 1907دا جارێکی تر لەدژی محەمەدعەلی شای برای ڕاپەڕی بوو، بەڵام بزوتنەوەکەی شکستی هێنا، بۆیە دوورخرایەوە بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام لەدوای دوورخستنەوەی محەمەد عەلی شا

لەدەسەڵات جاریکی دیکە لەساڵی 1911 لەدژی حکومەتی ناوەندی ڕادەپەڕێت، بەو ئامانجەی دەسەڵاتی ئێران بگرێتە دەست (بامداد، 1357هـ.ش، ج1، 49 - 50).

بۆ ئەو مەبەستەش سالارولدەوە کە پێشتر دوورخرابۆوە بۆ دەرەوەی وڵات، لە 19ی حوزەیرانی 1911 لەڕێگەی شاری (بانە)و خاکی کوردستان گەڕایەوە، لەوێشەوە پەیوەندی بە خەڵکی ناوچەکە کردووەو لەلایەن ئەوانیشەوە پێشوازی لێکرا (فریدالملک همدانی، 1351هـ.ش، 372). گومانی تێدا نییە کە گەڕانەوەی سالارولدەوەلە بۆ ناوخۆی ئێران کاریگەری لەسەر ڕەوشی ناوخۆیی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەبوو، چونکە زۆری نەبرد ڕەوشی شاری کرماشانیش تێکچوو، بەهۆی ئەوەی لایەنگرانی سالارولدەوله لەشارەکە دەستیان بەجموجۆڵ کرد و دژایەتی خۆیان بۆ شۆڕشی مەشروتە ڕاگەیاند (فریدالملک همدانی، 1351هـ.ش، 373).

سەرباری ئەوەی سالارولدەوله لەپێشڕەوییەکانی لەناوچە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامبوو، بەجۆرێک لەماوەیەکی کەمداو بەبێ بەرەنگاربوونەوەیەکی ئەوتۆ توانی دەست بەسەر شاری سنە دابگرێت لە 14ی تەمموزی 1911، هەر لەوێ نامەیەکی ئاراستەی سەرۆک هۆزو کەسایەتییەکانی ناوچەکە کردو داوای پشتگیری لێیان کرد (فریدالملک همدانی، 1351هـ.ش، 374 - 375). دوای گرتنی شاری سنە سالارولدەوله بەرە شاری کرماشان بەڕێکەوت، بۆیە لەسەروبەندی هاتنی هێزەکانی ناوبراو بەرە شارەکە، یارمحەمەدخانی کرماشانی بەپێی نامەیەک کە ناوبراو لە 13ی تەمموزی 1911دا بۆ پەرلەمانی ناردبوو، ئاماژەی بەتێکچوونی ڕەوشی ناوخۆیی شاری کرماشان کردبوو، هەروەها داوای لەپەرلەمان کردبوو، ئەگەر ئەوان ڕێگەی پێ بدەن، ئەو ئامادەیە خۆ بەخشانە چەک هەڵبگرێت و بەرگری لەشاری کرماشان بکات و ئاسایش و ئارامی شارەکە بپارێزێت تا ئەو کاتەی حکومەتی ناوەندی هێزی پێویست دەنێرن بۆ شارەکە (گزيده اسنادی از وقايع مشروطيت در كردستان و كرمانشاه، 1385هـ.ش، 143 – 144). بەڵام وەزارەتی ناوخۆ لە 22ی مانگدا وڵامی پەرلەمان دەداتەوە، کە ئەوان داواکەی ناوبراویان ئاراستەی فەرماندەی گشتی هێزەکانی (کوردستان، گەڕوس، کرماشان) کردووە، ئەوان ئازادن لەوەی ڕێگە بدەن ناوبراو پشتیوانیان بکات یاخود نا (گزيده اسنادی از وقايع مشروطيت در كردستان و كرمانشاه، 1385هـ.ش، 149). بەمەش دەردەکەوێت وەزارەتی ناوخۆ لەسەرەتادا زۆر مەیلی نەبووبێ یارمحەمەدخان هاوکاریان بکات لەبەرەنگاربوونەوەی بزوتنەوەی سالارولدەوله، کە سالارولدەوله لە 31ی تەمموزی 1911 بەپشتیوانی هۆزو عەشیرەتە کوردییە دیارەکانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و (هۆزی کەلهوڕ) و سەرۆکی هۆزەکە (داودخانی کەلهوڕ) بەتایبەتی دەستیان بەسەر شاری کرماشان داگرت، شیاوی باسە لەو هەڵمەتەدا سالارولدەوله جلی کوردی لەبەرکردبوو (فريدالملک همدانی، 1351هـ.ش، 375 – 376). دیارە ئەمەشی بەمەبەستی ڕاکشانی سەرنجی کوردەکانی ناوچەکە بووە بەلای خۆیدا، بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە ئەو هاوسۆزو پشتیوانی کوردەکانە.

دوای گرتنی کرماشان، سالارولدەوله براکەی خۆی بەناوی (عەزدولسوڵتان) کردە فەرمانڕەوای شارەکەو خۆشی لە 24ی تەمموزی 1911دا بەیاوەری (10هەزار) جەنگاوەری کوردی لەهۆزەکانی (جاف، کەلهوڕ، سنجاوی) بۆ گرتنی شاری هەمەدان بەڕێکەوت (نوایی، 2535، 248). کە توانی لە 15ی ئابی 1911 بەبێ بەرەنگاربوونەوە دەست بەسەر شارەکەدا دابگرێت (شوستر، 1389هـ.ش، 123) کە دەکەوێتە (144) کیلۆمەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری تەهرانی پایتەخت و هەر لەوێ خۆی وەک شای ئێران ناساندو پاشان بەئاراستەی گرتنی تەهران بەڕێکەوت (بامداد، 1357، ج1، .50). هەروەها پەیامی بۆ حکومەت و پەرلەمانی ئێران نارد ئەگەر ئەو وەکو شای ئێران نەناسێنن، ئەوا سوود لەمافی یاسایی خۆی وەردەگرێت و بەزەبری هێز پایتەخت داگیر دەکات (فخرائی، 1371هـ.ش، 217). بۆیە کاتێک حکومەتی ئێران هەستی بەهەڕەشەکانی سالارولدەوله کرد، بەناچاری داوای بەهاناچوونی لە ئازادیخوازەکانی پێشوو کرد، لەسەروشیانەوە یارمحەمەدخانی، بەڵام ناوبراو ڕایگەیاند بەو مەرجە ئامادەیە هاوکاری دەوڵەوت بکات کە ئازادی بەستنی کۆڕو کۆبوونەوەو ڕاگەیاندن و چاپەمەنی فەراهەم بکات، حوکمی عورفی هەڵوەشێنێتەوە، دوورخراوەکان بگەڕێنێتەوەو ئامادەکاری بکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان، لەبەرامبەردا حکومەتی ناوەند بەڵێنیدا لەدوای کۆتایی هاتنی بزوتنەوەی سالارولدەوە ئامادەکاری بکات بۆ هەڵبژاردن (جاويد، 1358هـ.ش، 49). ئەمەش هاندەربوو بۆ ئەوەی یارمحەمەدخان بەیاوەری لەگەڵ 300 جەنگاوەری کورد، بەرەو شاری تەهران بەڕێکەون، بۆ ئەوەی بەرگری لەپایتەخت بکەن و دژی بەرەوپێشچوونەکانی سوپای سالارولدەوله بوەستنەوە (کسروی، 1386هـ.ش، 418). جێگەی ئاماژەیە، بەپێی ڕاپۆرتێکی نهێنی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی چەکدارانی حکومەتی ناوەندی (2 هەزار) چەکداربوون، هەرچی ژمارەی هێزەکانی سالارولدەوله بوو، کە داودخانی کەلهوڕی سەرۆکی هۆزی کەلهوڕ سەرکردایەتی دەکردن، ژمارەیان (4 هەزار[13]) جەنگاوەر بوو (كتابی آبی، 1365هـ.ش، ج6، 1287).

هێزەکانی حکومەتی ناوەندی لە دوو بەرە بۆ بەرەنگاربوونەوە هێزەکانی سالارولدەولە بەڕێکەوتن، بەرەیەکیان لەشاری قوم و بەرەکەی تریان لەشاری تەهران (سردار بهادر، 1372هـ.ش، 14 - 15). سەرەنجام هەردوو هێزەکە لە 27ی ئەیلولی 1911 (شوستر، 1389هـ.ش، 123)، لە گوندی (باغی شا) کە دەکەوتە (8 مایل[14])ی شاری (ساوە[15]) ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە (کتابی آبی، 1365هـ.ش، ج6، 1287). دوای چوار کاتژمێر شەڕو بەرەنگاربوونەوە هێزەکەی سالارولدەولە شکستی هێنا (سردار بهادر، 1372هـ.ش، 14 - 15). بەمەش سالارولدەولە لەدوای تێشکانی هێزەکەی بەرەو (خوڕەم ئاباد[16]) لەباشووری ڕۆژئاوای ئێران کشایەوە، بەڵام جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ شاری کرماشان (فخرائی، 1371هـ.ش، 217). بۆیە حکومەتی ناوەندی یارمحەمەدخانی کرماشانی ڕاسپارد بۆ کۆتایی هێنان بە بزوتنەوەی سالارولدەولە (رئیس نیا، 1360هـ.ش، 196). کە لەوکات یارمحەمەدخانی کرماشانی بۆ کۆکردنەوەی جەنگاوەر چووبوو بۆ شاری قەزوین [لەباکووری ڕۆژئاوای ئێران] و هەر لەوێ کرابووە فەرمانڕەوای شارەکە (کشاورز، 1378هـ.ش، 71). لەڕاستیدا دەکرێت بڵێین هۆکاری ئەوەی کە حکومەت هانای بۆ یارمحەمەدخانی بردووە دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی ناوبراو یەکێک بوو لە دیارترین سەرکردە ئازادیخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و ئێران بەگشتی، سەرباری ئەوەی خەڵکی کرماشان بوو، بەهۆی ئەو ناوبانگەی کە لەشەڕەکانی ئازادیخوازی تەبریز و تەهران دەریکردبوو ببووە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری بەهێز لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کرماشان بەتایبەتی، بۆیە حکومەتی ناوەندی هەوڵیداوە سوود لەتوانای سەربازی و پێگەی جەماوەری و شارەزایی ئەو لەشاری کرماشان وەربگرێت.

یارمحەمەدخان توانی لە دوو شەڕدا کە لە 7و 8ی شوباتی 1912 ڕوویدا، بەسەر هێزەکانی سالارولدەولە سەرکەوت و دەستی بەسەر شاری کرماشان داگرت و بۆ ماوەی 15 ڕۆژ شارەکە لەژێر دەستیدا مایەوە (درویشیان، 1357هـ.ش، 41 – 42). لەبارەی دەست پاکی یارمحەمەدخان، یەکێک لەوانەی کە فەرمانبەری وەزارەتی دەرەوە بوو لەشارەکە بەناوی (فەریدولمولکی هەمەدانی) لەیادداشتەکانی خۆیدا دەڵێت:" پێش نیوەڕۆ چووم بۆ بانکی شاهنشاهی، کونسوڵی بەریتانیاش لەوێ بوو، جانتایەکی سالارولدەولە لەوێ بوو، یارمحەمەدخان سەیری کەلوپەلەکانی ناوی کرد، پاشان مۆری لێداو دوای ئەو من و کونسوڵیش مۆرمان لێیداو لەبانکی دانایەوە" (فریدالملک همدانی، 1351هـ، 394). لەڕاستیدا دەکرێت بڵێین ئەم ڕەفتارەی یارمحەمەدخانی کرماشانی دەستپاکی و لەخۆبووردەیی ئەو دەردەخات، لەکاتێکدا دەستی بەسەر موڵک و ماڵی نەیارەکەیدا گرتووە، بەڵام ئامادە نەبووە وەکو دەسکەوتی جەنگ بۆ خۆی بیبات. لەکاتێکدا هێزەکانی سالارولدەولە دوای ئەوەی دەست بەسەر شاری کرماشان دادەگرنەوە تاڵانییەکی زۆر لەشارەکە ئەنجام دەدەن (فریدالملک همدانی، 1351هـ، 395).

جێگەی ئاماژەیە کە هەر لەشەڕی ئازادخوازی کرماشان حوسێن خانی برای یارمحەمەدخانی کرماشانی و (10) جەنگاوەری تر بوونە قوربانی و کوژران (کتاب آبی، 1366هـ.ش، ج7، 1666). هەروەها یارمحەمەدخان لەو ماوەیەی کە شارەکەی لەژێر دەستدابوو، سەرقاڵی ئارامکردنەوەی بارودۆخی شارەکەو دابینکردنی ئاسایشی شاری کرماشان بوو، هەروەها ژمارەیەک لەو کەسانەشی کەوا هاوکاری سالارولدەولەیان کردبوو، دەستگیرکردو لەسێدارەیدان، کە لەنێوانیاندا سەرۆکی (هۆزی جاف) بەناوی شەرەفولمولک و برازایەکی و پیاوێکی ئایینی شارەکە بەناوی ئاغا محەمەد هەبوو، کوشتنی پیاوە ئایینیەکە ناڕەزایی توێژی پیاوانی ئایینی ئێران و شاری (نەجەف)یشی بەدوای خۆیدا هێناو داوای دوورخستنەوەی ناوبراویان کرد لەشارەکە (کتاب آبی، 1366هـ.ش، ج7، 1667؛ کسروی، 1386هـ.ش، 418 – 419).

لەلایەکی دیکەشەوە سالارولدەولە داوای هاوکاری لە هۆزە کوردەکانی ناوچەکە کرد پشتیوانی بکەن، لەگرتنەوەی شاری کرماشان، هەروەها یارمحەمەدخانیش لەلایەن خۆیە دەستی کرد بە دامەزراندنی هێزی خۆبەخش لەڕیزی سوپاکەی، بەجۆرێک لەماوەیەکی کەمدا توانی ژمارەیان بگەیەنێتە هەزار جەنگاوەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرامبەر زۆری ژمارەی هێزەکەی سالارولدەولە سوودی نەبوو (کسروی، 1386هـ.ش، 420). چونکە حکومەتی ئێران هیچ هاوکاری و پێداویستییەکی سەربازی بۆ نەنارد، لەبەرامبەردا سالارولدەولە توانی هێزەکانی خۆی ڕێک بخاتەوەو هێرش بکاتە سەر شاری کرماشان و لە 22ی شوباتی 1912 دەستی بەسەر شارەکەدا گرتەوە (درویشیان، 1357هـ.ش، 41 – 42).

سالارولدەولە دوای ئەوەی دەستی بەسەر شاری کرماشان داگرت توندوتیژی بەکارهێنا، لەوانە هەستا بەکوشتنی فەرمانڕەوای شارەکە بەناوی (ئەعزەمولدەولە) کە لەلایەن یارمحەمەدخانی کرماشانی وەک فەرمانڕەوای شاری کرماشان دەستنیشانکرابوو (کتاب آبی، 1369هـ.ش، ج8، 1700). سەرباری لەسێدارەدانی 12 ئازادیخوازی تر لەلایەن هێزەکانی سالارولدەولەوە (فریدالملک همدانی، 1351هـ، 394 - 395). هەروەها 20 سەربازیش لەبەرەنگاربوونەوەکانی ئەو شارەدا کوژران (کتاب آبی، 1369هـ.ش، ج8، 1706) پێدەچێ ئەو سەربازانە بەهۆکاری ئەوە کوژرابن لەڕیزی سوپای یارمحەمەدخان شەڕیان کردبێت. شیاوی باسە، مێژوونووس (ئەحمەد کەسرەوەی) ئەگەرچی لەکاتی ڕووداوەکانی کرماشان لەشارەکە نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا

باس لەژمارەیەکی زۆرتر دەکات و دەڵێت:"دەگیرێنەوە کە 143 کەسیان لەیەک کاتدا لەسێدارەداو هەندێکیشیان بەنەوت سووتاند" (کسروی، 1386هـ.ش، 420). گومانی تێدانییە کە ئەمەش دەرخەری سیاسەتی توندو تیژی سالارولدەولە دەردەخات بەرامبەر بە نەیارانی سیاسی خۆی، کە سیاسەتێکی توندی بەرامبەریان گرتەبەر.

سالارولدەولە دوای گرتنی شاری کرماشان هێزێکی بۆ دەستبەسەرداگرتنی شارەکانی (سەحنە و کەنگاوەر) نارد، لەدوای ئەوێش بڕیاریدا بەرەو هەمەدان بچێت (کتاب آبی، 1369هـ.ش، ج8، 1706). هەرچی یارمحەمەدخان بوو، لەدوای تێکشکانی سوپاکەی و دەرچوونی لەشاری کرماشان، پەیوەندی بەهێزەکانی (فەرمانفەرما[17]) کرد، کە لەلایەن حکومەتەوە وەکو فەرمانڕەوای کرماشان دیاریکرابوو، ئەوەبوو، توانیان لەشەڕێکدا لەنزیک هەمەدان سوپای سالارولدەولە تێکبشکێنن و پاشان لە 29ی ئابی 1912 لەشەڕێکدا کە نزیک شاری کرماشان ڕوویدا بەسەر هێزەکانی سالارولدەولە سەرکەوتن و دەستیان بەسەر شاری کرماشان داگرت، کە لەو شەڕەدا داودخانی کەلهوڕی سەرۆکی هۆزی کەلهوڕ و عەلی ئەکبەرخانی کوڕی و سەردار ناسڕی سنجاوی کوژران (کازرونی، 1376هـ.ش، ج1، 123 – 125).

### 6.هەوڵەکانی کۆتایی یارمحەمدخان و کوژرانی:-

دوای دەست بەسەرداگرتنی شاری کرماشان و دەرکردنی سالارولدەولە، حکومەتی ئێران دەبوو، بەو بەڵێنەی کە پێشتر بەیارمحەمەدخانی دابوو لەبارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان بەجێی بگەیەنێت، بەڵام دیاربوو بەڵێنەکەی پشتگوێ خست و فەرمانفەرمای وەکو فەرمانڕەوای بۆ شارەکە نارد، ئەمەش هاندەربوو بۆ ئازادیخوازەکان بەسەرکردایەتی گەری خانی ئەرمەنی و یارمحەمەدخانی کرماشانی و هێزی بەختیارییەکان، شاری کرماشان بەجێ بهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ شاری تەهران، ئەم هەنگاوەش دەرفەتی بۆ سالارولدەولە ڕەخساندو جارێکی دیکە دەستی بەسەر شاری کرماشان داگرتەوە، دیارە کە فەرمانفەرما داوای لەحکومەت کرد هەنگاوی پێویست بنێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن،  تەنها لەپێناو گێڕانەوەی ئازادیخوازەکان (جاوید، 1358هـ.ش، 51).

لەڕاستیدا ئەو هەنگاوە سەرەتاییانەی کە حکومەتی ناوەندی، نەبووە هۆی ڕەوینەوەی نیگەرانییەکانی یارمحەمەدخانی کرماشانی و بەبیانووی نیگەرانی لە گەری خانی ئەرمەنی لەگەڵ هەریەک لەفەرماندەی ئازادیخوازەکان (موسەیەب خان و حوسێن قولیخان) 300 کەس لەئەندامانی هێزەکەی لەهێزی حکومەت جیابۆوەو گەڕایەوە بۆ شاری کرماشان و لە 19ی ئابی 1912 دەستی بەسەر شارەکە داگرت و زیندانییە سیاسییەکانیشی ئازادکردو جێگری والی شارەکەشی دەستەبەسەرکردو کردیە بارمتە لەلای خۆی (کسروی، 1386هـ.ش، 434). پاشان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند ناسڕولمولک[18] و دەستوپێوەندەکانی دژی ئێرانن و ئەوان یاخی بوونە تاکو حکومەت نەتوانێت پەرلەمان کارابکاتەوە (درویشیان، 1357هـ.ش، 43). بۆیە ڕایگەیاند تا حکومەت خواستەکانیان بەدی نەهێنێت و ئەندامانی پەرلەمان هەڵنەبژێردرێن و پەرلەمان دەست بەکار نەبێتەوە ئەوان چەک دانانێن (جاوید، 1358هـ.ش، 52). هەر لەم بارەیەوە بەپێی ڕاپۆرتێکی نهێنی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەتەهران کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی ناردووە، ئاماژە بەوە دەکات، یارمحەمەدخان لە 19ی ئابی 1912 لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بەناوی (موسەیەب قولیخان) و (300) جەنگاوەری تر کە موسڵمانن، گەڕاونەتەوە شاری کرماشان و خۆیان وەک لایەنگری سالارولدەولە ناساندووەو بەڵێنیانداوە لەهەوڵەکانیان بەردەوامبن بۆ بەکارخستنەوەی پەرلەمان لەناوەند [تەهران]، ئەمەش وایکردووە کە لایەنگرانی سالارولدەولەش پەیوەندیان پێوە بکەن  (کتاب آبی، 1369هـ.ش، ج8، 1885). بۆ ئەو مەبەستەش سالارولدەولە لەدوای دەست بەسەرداگرتنی شاری کرماشان، لە29ی ئابی 1912 نامەیەکی ئاراستەی یارمحەمەدخانی کرماشانی کردبوو و پێی ڕاگەیاندبوو، کە لەدوو ڕۆژی داهاتوودا دەگاتە شاری کرماشان (فریدالملک همدانی، 1351هـ.ش، 409).

لەڕاستیدا هۆکاری ئەو گۆڕانەی پەیوەندی نێوان یارمحەمەدخان و سالارولدەولە جێگەی سەرسوڕمانی حکومەتی ئێران بوو (فریدالملک همدانی، 1351هـ.ش، 409). بۆیە هەندێک لەسەرچاوەکان، هۆکاری گۆڕانی هەڵوێستی یارمحەمەدخانی کرماشانی و هەڵگەڕانەوەی لەحکومەتی ناوەندی و پەیوەندیکردنی بە سالارولدەولە، دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کاتێک پارتی پارێزگاران دەسەڵاتی گرتە دەست لەگەڵ پارتی دیموکرات دووچاری کێشە بوو، ئەمەش ئەو پارتەی ناچارکرد بۆ گەیشتن بەدەسەڵات پەیوەندی لەگەڵ سالارولدەولە دروست بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش داوایان لەیارمحەمەدخان کرد کە ئەندامێکی دڵسۆزی پارتەکەیان بوو، بۆ بەدیهێنانی ئازادی سوود لەتوانای ناوبراو وەربگرێت و پەیوەندی بە سالارولدەولە بکات و هەوڵەکانی خۆیان لەدژی حکومەتی ناوەندی یەکبخەن (جاوید، 1358هـ.ش، 52). چونکە پارتی دیموکرات لەهەموو شوێنێک وەدەرنرابوو، بۆیە لەهەوڵی ئەوەدابوو ناوەندێکی بەرەنگاربوونەوە لەیەکێک لەناوچەکانی وڵاتی ئێران پێکبهێنێت و هێزەکانی خۆی لەوێ کۆبکاتەوەو لەدژی حکومەت ڕاپەڕێت، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەشیان لەگەڵ سالارولدەولە ڕێککەوتوون (ملک زادە، 1358هـ.ش، ج6 و 7، 1572). لەم

بارەیەوە (یەحیا دەوڵەت ئابادی) کە یەکێک بوو لە ئەندامانی پارتی دیموکرات، لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:"یارمحەمەدخان، کە گەنجێکی خوێن گەرم بوو.. داوایان لێیکرد [مەبەست لێی پارتی دیموکرات داوایان لێیکردووە] لەدژی حکومەتی ناوەندی ڕاپەڕێت... و داوای کارا کردنەوەی پەرلەمان بکات، بەڵام کاتێک هیچی بۆ نەکرا ناچار بوو لەگەڵ سالارولدەولە ڕێککەوێت... بە واتایەکی دیکە سالارولدەولە بەڵێن و پەیمانی بە دیموکراتەکان دابوو" (دولت آبادی، 1362هـ.ش، ج3، 210). ئەمەش بەو مانایە دێ کە سالارولدەولە بەڵێنی بە پارتی دیموکرات داوە، ئەگەر دەسەڵات بگرێتە دەست، پەرلەمان کار بکاتەوەو ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین فەراهەم بکات. چونکە سالارولدەولە بەهۆی ئەوەی پێشتر کێشەی لەگەڵ محەمەدعەلی شای برای هەبوو، هاوکاری ئازادیخوازەکانی دەکرد (جاوید، 1358هـ.ش، 52).

سالارولدەولە بەیاوەری (500) جەنگاوەری کورد لە 3ی ئەیلولی 1912 گەڕایەوە بۆ شاری کرماشان و لەلایەن یارمحەمەدخانی کرماشانی بەگەرمی پێشوازی لێکرا (کتابی آبی، 1369هـ.ش، ج8، 1923). لەڕاستیدا هەرچەندە ناسرولمولکی سەرپەرشتیاری شا و سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەو کاربەدەستانی تری دەوڵەتی ئێران پێیان وابوو پەیوەندی لەنێوان پارتی دیموکرات و سالارولدەولە هەیە، بەڵام لەدوای ئەوەی یارمحەمەدخان دەستی بەسەر شاری کرماشان داگرت و پێشوازی لەسالارولدەولە کرد، گومانەکەیان بووە ڕاستی (ملک زاد، 1358هـ.ش، 1573، 1575). بۆ ئەو مەبەستەش حکومەتی ئێران بۆ ئەوەی پێگەی جەماوەری یارمحەمەدخان کەم بکاتەوە، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە یارمحەمەدخان لەگەڵ سالارولدەولە دەستی تێکەڵکردووە، بۆیە دژایەتی حکومەتی ناوەندی دەکات (کسروی، 1386هـ.ش، 435 – 436). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەحمەد کەسرەوەی لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ:" ئەوە سالارولدەولە بوو چووە ڕیزی یارمحەمەدخان بۆ پێشخستنی کارەکانی، خۆی وەک کەسێکی ئازادیخواز نیشان دەدا، سەرباری ئەوەی یارمحەمەدخان دەیزانی کە ڕاست ناکات، بەڵام ناچاربوو بچێتە بەرەی ئەو" (کسرو، 1386هـ.ش، 436). ئەمەش بەو مانایە دێت پارتی دیموکرات کە یارمحەمەدخان نوێنەرایەتی دەکرد لەشاری کرماشان، لە سالارولدەولە نزیک کەوتنەوە بەو ئامانجەی ئەگەر ئەگەر ئەو گەیشتە سەرتەختی دەسەڵات ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی فەرهەم بکات و ژیانی دەستووری و پەرلەمان کارا بکاتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی یارمحەمەدخان و سالارولدەولە زۆر لەناو شاری کرماشان نەمانەوە، چونکە یارمحەمەدخان ل10ی ئەیلولی 1912 لەگەڵ هێزەکەی بەرەو شاری (سنە) چوون، کە هێزەکانی فەرمانفەرمای لێبوو، لەڕۆژی دواتریش سالارولدەولە پەیوەندی پێوەکرد، هەروەها هێزەکانی حکومەتی ناوەندیش بەسەرۆکایەتی فەرمەنافەرما، کە لەشاری سنە بوون، ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بۆ گرتنی شاری کرماشان بەڕێکەوتن و لە 14ی ئەیلولی هەمان ساڵدا بەبێ هیچ بەرەنگاربوونەوەیەک چوونە ناو شاری کرماشان و دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت (فریدالملک همدانی، 1351هـ.ش، 410 – 411). لەم بارەیەوە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەتەهران سەرسوڕمانی خۆی دەربڕیوەو لەڕاپۆرتێکی نهێنی کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی ناردبوو، باس لەوە دەکات:"پێدەچێ لەشکری هەردوو ڕکابەر، بەڕێککەوتن بە ڕێگای جیاواز تێپەڕبووبن، یاخود بەپێی نەخشەو بەبێ تەقاندنی گوللە، دەستیان بەسەر شارەکانی یەکترداگرتووە، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی یەکتربنەوە، شارەکانی خۆیان گۆڕیوەتەوە" (کتاب آبی، 1369هـ.ش، ج8، 1929). لەڕاستیدا هەرچەندە گومانی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەشوێنی خۆیدایە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە پێناچێت ڕێککەوتن و ئاڵوگۆڕی شارەکان لەنێوانیاندا هەبووبێت، بەڵکو دەکرێت بڵێین دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی هەردوولا لەناوچەکانی کوردستان، بۆیە دەکرێ هەریەکێک لەو هێزانە ڕێگایەکی جیاوازیان گرتبێتەبەر بۆ دەستگرتن بەسەر شارەکەی ئەویتریانداو بێ ئەوەی ئاگایان لەنەخشەو پلانی یەکتر هەبووبێت.

زۆری نەبرد جارێکی دیکە لە 5ی تشرینی یەکەمی 1912 شەڕ لەنێوان ئازادیخوازەکان بەسەرۆکایەتی یارمحەمەدخانی کرماشانی و هێزەکانی حکومەتی ناوەندی لەشاری کرماشان دەستی پێکردەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ناوبراو هەوڵیدا دەست بەسەر شارەکەدا بگرێتەوە، ئەو شەڕەش لە 5ی مانگدا دەستی پێکرد، هێزەکەی یارمحەمەدخان خەریکبوو بەتەواوی کۆنترۆڵی ناوەندی سەرای شارەکە بکەن کە فەرمانفەرمای تێدابوو، تاکو لەناکاو گوللەیەک بەر سەری یارمحەمەدخان دەکەوێت و گیان لەدەست دەدات، بەکوژرانی ناوبراو هێزەکەی ورەیان بەرداو بەتەواوی تێکشکان و پاشماوەی سوپاکەشی ڕایانکرد، هەر لەو شەڕەدا زیاتر لە (200) جەنگاوەر لەڕیزی یارمحەمەدخان کوژران، سەبارەت بە سالارولدەلە، لەدوای کوژرانی یارمحەمەدخان ڕایکرد بۆ نوچەکانی مازندەران لەباکووری ئێران (کتاب آبی، 1369هـ.ش، ج8، 1997 – 2000).

شیاوی باسە بەکوژرانی یارمحەمەدخانی کرماشانی، یەکێک لە سەرکردە ئازادیخوازەکانی کورد بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بزوتنەوەی نەتەوەیی بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەشاری کرماشان کپ بوونەوەی بەخۆوەبینی. لەم بارەیەوە مێژوونووس (ئەحمەد کەسرەوی) دەڵێت:"بەکوژرانی ئەو یەکێکی دیکە لەسەرکردەکانی ئازادی لەناوچوو"(کسروی، 1386هـ.ش، 438). هەروەها (جاوید/

جاڤید) کەیەکێک بوو لەسەرکردەکانی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، لەیادداشەتکانی خۆیدا لەبارەی یارمحەمەدخانی کرماشانی دەڵێت:"ئەو پیاوە دلێرو جوامێرەی کورد، پاش چەندین ساڵ لەپێناو ئازادی گیانی خۆی کردە قوربانی" (جاوید، 1358هـ.ش، 55). هەر لەم بارەیەوە مەهدی مەلیک زاد)ی ئەندامی پارتی دیموکرات لەبیروەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:"یەکێک لەجەنگاوەرەکانی هاوەڵی یارمحەمەدخان بۆی گێرامەوە، بەدرێژایی ماوەی بوونم لەگەڵ ناوبراو هیچ کات وەکوو ئەو ڕۆژەی کوژرا دلێرترو قارەمانتر نەمدیتبوو، کە زۆر برِوای بە سەرکەوتن هەبوو"(ملک زاد، 1358هـ.ش، ج6 و 7، 1579 – 1580). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین بە کوژرانی یارمحەمەدخانی کرماشانی کە لەپێناوی هێنانە کایەی ژیانێکی ئازاد و یەکسان بۆ سەرتاسەری وڵاتی ئێران، نەبووە هۆی وەستانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی لەوڵاتی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، چونکە لەچەند ساڵێکی دواتردا چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی نەتەوەیی لەناوچە جیاجیاکانی ئێران لەدژی حکومەتی ناوەندی سەریهەڵداو بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش درێژەیان کێشا، لەدیارترینیان بزوتنەوەی سمکۆی شکاک بوو کە لەنێوان ساڵانی (1919 – 1923)ی خایاند.

## 7.دەرئەنجامەکان:

- سەرهەڵدانی شۆڕشی مەشروتە لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەوڵاتی ئێران، بۆماوەیەکی کورت دەرفەتی لەبەردەم هێنانەکایەی ژیانی دەستووری و دامەزراندنی پەرلەمان و ژیانی پارتایەتی لەو وڵاتەدا هێنایە کایەوە، بەڵام کاتێک لەساڵی 1908 لەلایەن شای ئێران بڕیاری بەکخستنی ئازادی سیاسی و داخستنی پەرلەمانیدا، تەنها شاری تەبریز دژی ئەو بڕیارە وەستایەوە، ئەمەش هاندەربوو بۆ ئەوەی لەزۆربەی شاروناوچە جیاوازەکانی ئێران کەسانی ئازادیخواز ڕوو لەشاری تەبریز بکەن و بەرگری لێ بکەن، لەنێویاندا یارمحەمەدخانی کرماشانی یەکێک لەوانە.
- دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی لەئێران، بەتایبەتیش هەردوو پارتی (دیموکرات و پارێزگاران)، ئەو دوو پارتە بوونە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگەی ئێرانی، بەجۆرێک هەریەک لەو دوو پارتە هەوڵیاندەدا کەسایەتییە دیارە سیاسی و سەربازییەکانی ئێران بهێننە ڕیزی خۆیان، بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و سەربازی خۆیان، بۆیە کاتیک یارمحەمەدخانی چووە ڕیزی پارتی دیموکرات لەلایەن پارتی پارێزگاران کە پارتی دەسەڵات بوو لەشاری تەهران دەستگیرکراو دوورخرایەوە بۆ کرماشان.
- ڕۆڵی پارتی دیموکرات لەپێشهاتە ناوخۆییەکانی ئێران و هەوڵدانی ئەو پارتە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات بەپشتیوانی یارمحەمەدخانی کرماشانی و هەڵبژاردنی شاری کرماشان وەک بنکەی بەرەنگاربوونەوەو دژایەتیکردنی حکومەتی ناوەندی.
- بەشداریکردنی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بزوتنەوەی سیاسی و چەکداری لە وڵاتی ئێران و دابەشبوونیان لەنێوان لایەنگرانی ژیانی دەستووری بەسەرکردایەتی یارمحەمەدخانی کرماشانی و نەیارانی دەستووری.
- گرنگی پێگەی سیاسی و سەربازی شاری کرماشان لەپێشهاتە ناوخۆییەکانی ئێران و بوونی بە مەیدانی یەکلاییکردنەوەی ململانێی سیاسی و گۆڕەپانی چەکداری لەنێوان هێزەکانی یارمحەمەدخان و سالارولدەولە، بەجۆرێک لەماوەی نێوان ساڵانی (1908 – 1912) زۆرترین شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەو شارە ڕوویداو زیانێکی زۆری ئابووری و مرۆیی بەر ئەو شارە کەوت.
- بەردەوامی شەڕوململانێیەکانی نێوان لایەنگرانی ژیانی دەستووری و نەیارانی، بووەهۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسایەتیانەی کە لەپێناو هێنانەکایەوەی ژیانی دەستووری خەباتیان کرد، لەوانەش کوژرانی هەریەک لە یارمحەمەدخان و برایەکەی بەناوی حوسێن خانی برای.

## 8.پەراوێزەکان:-

(1) هۆزی زەردەڵان:- ئەو هۆزە بە هۆزی باڵوەندی زەردەڵانیش ناسراوە، لە حەوت تیرەی (دەروێشییەکان، خەفلوەند، ئەولادی، کەشوەند، باڵوەند، پیر ئەحمەدوەند و کەلهوڕ) پێکدەهات و شوێنی نیشتەجێبوونیان ناوچەکانی کرماشان و دەوروبەری بوو. (میرنیا، بیتا، 105، 112).

(2) زەردەڵان:- لەکاتی ئێستادا ئەو گوندە بۆتە شارۆچکەو سەر بەناوەندی پارێزگای کرماشانەو دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەو شارەو لە (16) ئاوایی گەورەو بچوک پێکهاتووەو ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگەیشتە (2250) کەس (دهخدا، 1377هـ.ش، ج9، 12827).

(3) قۆزاق:- هێزێکی سەربازی بوو لەساڵی 1879 لەلایەن ناسرەددین شای قاجار (1848 – 1896) لەسەر شێوازی هێزی قۆزاقی ڕووسی دروستکرا، ئەو هێزە ڕاستەوخۆ فەرمانیان لەشای ئێران وەردەگرت و تا ساڵی 1923 بەردەوامبوو کە لەو ساڵەدا لەناوسوپای ئێران یەکخران. (میرزایی، 1383هـ.ش، ج1، 23 – 24، 71 – 73).

(4) شاری تەبریز دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و مەڵبەندی هەرێمی ئازربایجانی ڕۆژهەڵاتە، یەکێکە لەشارە گرنگەکانی ئێران و ناوەندی دەسەڵاتی شازادەی جێنشینی قاجارەکان بوو، زۆربەی دانیشتوانەکەی بەڕەگەز تورکن (صادق، 2023، 60).

(5) ستار خان (1866 – 1914):- یەکێکە لەسەرکردە هەرە دیارو ئازادیخوازەکانی مێژووی ئێران، هەرچەندە لەبارەی ژیانی منداڵی و چۆنیەتی پێگەیشتنی زانیاری زۆر لەبەردەستدانییە، بەڵام زانراوە کە ناوبراو کوڕی حاجی حەسەن خان بوو خەڵکی قەرەداغی باکووری ڕۆژئاوای ئێران بوو، ناوبراو تا گەمارۆدانی شاری تەبریز لەمێژووی ئێران کەسێکی نەناسراوبوو، بەڵام بەهۆی ئەو ئازایەتییەی نیشانیدا لەبەرگریکردن لەشاری تەبریز بەسەرکردایەی ئازادیخوازەکانی شارەکە ناسراو ناسناوی (سەرداری میللی/ سەرکردەی نەتەوەیی) پێدرا. (صفایی، 1363هـ.ش، ج1، 387 – 412).

(6) تێبینی لەسەرچاوە فارسییەکاندا دەستەواژەی (مجاهد) موجاهید بەکارهێنراوە، ئەمەش زیاتر لەڕوانگەی ئایینیەوە بووە بۆ ئەو کەسانەی کە لەپێناوی ئازادیدا خەبات دەکەن، موجاهیدن. لەم بارەیەوە بڕوانە: (دولت آبادی، 1362هـ.ش، ج3، 29؛ کسروی، 1386هـ.ش، 275). ئەو دەستەواژەیەش لەوەرگێڕانی زمانەوانی کوردی بەمانای (گیانفیدا) دێت، کە لە دوو وشەی لێکدرواى کوردی و عەرەبی پێکهاتووە. بۆیە ئێمە دەستەواژەی ئازادیخوازمان داناوە، کە لەبنەڕەتدا مەبەست لە موجاهید کەسێکی ئازادیخوازە، هەروەها وشەکەش بەتەواوی کوردییەو جوانترە بۆ دەربڕین. (توێژەر).

(7) پارتی دیموکرات: لەساڵی 1909 لەشاری تەهران دامەزرا، پارتێکی چەپڕەوی ئازادیخوازی بوو، بڕوای بە بەکارهێنانی هێز هەبوو بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی و تا ساڵی 1911 بە فەرمی چالاکی لەئێران بەردەوامبوو (صادق، 2023، 20 – 21).

(8) پارتی پارێزگاران: ئەو پارتە لەساڵی 1909 لەشاری تەهران دامەزرا، پارتێکی پارێزگار بوو، تا ساڵی 1911 بەردەوامبوو لەچالاکی سیاسی لە ئێران (صادق، 2023، 21).

(9) سپەهداری ئەعزەم (1846 – 1926):- ناوی تەواوی محەمەد وەلی خانی تەنکابونی بوو، یەکێک بوو لەگەورە موڵکدارو دەرەبەگەکانی باکووری ئێران، لەماوەی ژیانی زۆر پۆستی سیاسی و کارگێڕی وەرگرتبوو، وەک فەرمانڕەوای (گەیلان و ئازربایجان) و بۆ سێ جاریش لەساڵەکانی (1909 - 1910) و (1911) و (1916) سەرۆک وەزیرانی ئێران بووە (خلعتبری، 1362هـ.ش، 27 – 47).

(10) عەلائولدەولە (1866 – 1912):- ناوی تەواوی میرزا ئەحمەد خان کوڕی میرزا ڕەحیمخانی قاجاری دەڤەلو بوو، ناوبراو یەکێک لەخانەدانەکانی ئێران و پیاوانی دەرباری شای قاجارەکان بوو، لەماوەی ژیانی ژمارەیەک پۆستی سیاسی و کارگێڕی وەرگرتبوو، لەدیارترینیان پارێزگاری شاری تەهران بوو لەماوەی ساڵانی (1904 – 1906) و بەکەسێکی دژە ئازادیخوازو مەشروتەخوازەکان ناسرابوو، بەهۆی دژایەتیکردنی سەرانی پارتی دیموکرات، لە سەرەتای کانونی یەکەی 1912 لەلایەن لایەنگرانی پارتەکەوە تیرۆر دەکرێت (بامداد، 1357هـ.ش، ج1، 89، 91 – 93).

(11) کتێبی شین (کتاب آبی): زنجیرە کتێبێکی بەڵگەنامەیی نهێنی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بوو لەبارەی ئێران، کە لە (8) بەرگ پێکدێت، خۆی لە ڕاپۆرتی نهێنی کونسوڵخانەکان و باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەئێران دەبینێتەوە کە لەماوەی ساڵانی (1906 – 1913) بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیایان ناردبوو، لەم کتێبەدا کە بەزنجیرە بڵاوکراوەتەوە تیایدا بەوردی تیشکی خستۆتە پێشهاتە ناوخۆییەکانی ئەو ماوەیەی ئێران، لەم توێژینەوەیەشدا چەند بەرگێکی وەرگێڕدراوی بۆ سەر زمانی فارسی بەناوی (کتاب آبی) سوودی لێبینراوە. (توێژەر).

(12) سالارولدەولە (1881 – 1959):- ناوی تەواوی (ئەبولفەتح میرزا) بوو، ناوبراو کوڕی سێیەمی مزەفەرەددین شای قاجار (1896 – 1907) بوو، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی باوکی و محەمەدعەلی شای برای فەرمانڕەوایی ناوچەکانی (لوڕستان، خوزستان و کرماشان)ی کردبوو، پەیوەندی نزیکیشی لەگەڵ هەندێک لەهۆزە دیارەکانی ئەو ناوچەیە بەگشتی و هۆزی کەلهوڕ بەتایبەتی هەبوو، لەدوای دوورخستنەوەی محەمەدعەلی شای برای لەدەسەڵات لەساڵی 1911 لەدژی حکومەتی ناوەندی ڕاپەڕی و خۆی بەشای ئێران ناساند، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو چونکە لەساڵی 1913 بزوتنەوەی شکستی هێنا، بەهۆی نەبوونی پشتیوانی دەرەکی و ناوخۆیی، پاشان بۆ ماوەیەک لەسویسرا دەژی و دواتر دەچێتە میسرو تا مردنی لەوێ دەمێنێتەوە (بامداد، 1357هـ.ش، ج1، 48 – 50).

(13) لەڕاستیدا سەرچاوە مێژووییەکان سەبارەت بە ژمارەی هێزە چەکدارەکانی سالارولدەولە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، لەوانە (ئەحمەد کەسرەوەی) دەڵێت ژمارەیان کەمتر لە (7 هەزار) جەنگاوەر نەبوو (کسروی، 1376، 418). هەروەها (عەبدولحوسێن نەوایی) دەڵێت ژمارەیان زیاتر لە (6 هەزار) جەنگاوەر بوو (نوایی، 2535، 249). بەڵام بەڵگەنامەی نهێنی وەزارەتی دەرەوەری

بەریتانیا ژمارەی سوپاکەی بە (4 هەزار) جەنگاوەر خەمڵاندووە (کتابی آبی، 1365هـ.ش، ج6، 1287). ئەمەش دەکرێ دروستتربیت، چونکە بەریتانییەکان وردتر چاودێری جموجۆڵەکانی لەشکرکێشییەکانی سالارولدەولەیان کردووە، هەربۆیە سوود لەئاماری ئەوان وەرگیراوە.

(14) مایل: یەکەی پێوانەیە، هەر مایلێک بەرامبەرە بە (1.609.34) یەک هەزار و شەش سەد و نۆ مەترو سی و چوار سانتیمەتر (https://www.ahsib.com/ar/tools/convert-length/mile-to-kilometer/).

(15) شاری ساوە، ناوەندی (پارێزگای ناوەندی/ استان مرکزی)یەو دەکەوێتە دووری (140) کیلۆمەتری شاری تەهرانی پایتەخت (دهخدا، 1377هـ.ش، ج9، 13374).

(16) خورەم ئاباد: ناوەندی هەرێمی لورستانەو دەکەوێت رۆژئاوای شاری کرماشان، هەروەها نزیکەی 480 کیلۆمەتر لەشاری تەهران دوورە (حقیقت رفیع، 1376هـ.ش، 199).

(17) فەرمانفرما (1852 – 1939):- ناوی تەواوی عەبدولحوسێن میرزا کوڕی نوسرەتولدەولە، یەکێک بوو لەشازادەکانی قاجاری و نەوەی عەباس میرزای کوڕی فەتح عەلیشای قاجار بوو، ناوبراو لەماوەی ژیانی چەندین پۆستی سیاسی و کارگێڕی لەدەوڵەتی ئێران وەرگرتبوو، وەکو فەرمانڕەوای ناوچەکانی (ئازربایجان، کوردستان، کرماشان) هەروەها سەرۆک وەزیرانی ئێرانیش بوو لەماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی (بامدا، 1357هـ.ش، ج2، 247 – 253).

(18) ناسرولمولک (1856 – 1927):- ناوی تەواوی (ئەبولقاسم خان قەرە گوزلو هەمەدانی)یە، ناسراو بە (ناسرولمولک)، لەبنەماڵەیەکی دەست رۆیشتووی شاری هەمدان لەدایک بووە، ناوبراو لەماوەی ژیانیدا چەندین جار پۆستی وەزیری دارایی وەرگرتبوو، دوایین پۆستیشی لەماوەی ساڵانی (1911 – 1914)دا (سەرپەرشتیاری شا/ وصي) ئەحمەد شای قاجار (1909 – 1925) بوو (بامدا، 1357هـ.ش، ج1، 66 – 70).

## 9.لیستی سەرچاوەکان:-

### 1.9.کتێبی بەڵگەنامەیی:


- کتاب آبی (1363هـ.ش)، گزارشهای محرمانه وزارت امور خارجه انگلیس درباره انقلاب مشروطه ایران، بەکوشش و ویراستار: احمد بشیری، ج5، نشر نو، تهران

- ---------- (1365هـ.ش)، گزارشهای محرمانه وزارت امور خارجه انگلیس درباره انقلاب مشروطه ایران، بەکوشش و ویراستار: احمد بشیری، ج6، نشر نو، تهران.

- ---------- (1366هـ.ش)، گزارشهای محرمانه وزارت امور خارجه انگلیس درباره انقلاب مشروطه ایران، بەکوشش و ویراستار: احمد بشیری، ج7، نشر نو، تهران.

- ---------- (1369هـ.ش)، گزارشهای محرمانه وزارت امور خارجه انگلیس درباره انقلاب مشروطه ایران، بەکوشش و ویراستار: احمد بشیری، ج8، نشر نو، تهران.

- گزیده اسنادی از وقایع مشروطیت در کردستان و کرمانشاهـ (1385هـ.ش)، از آرشیو اسناد کتابخانه مجلس شورای اسلامی، بەکوشش: رضا آذری شهرضایی، انتشارات کتابخانه موزه و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، تهران.


### 9. 2. یادداشت و بیرەوەرییەکان:-


- امیر احمدی، احمد (1373هـ.ش)، خاطرات نخستین سپهبد ایران، انتشارات مؤسسه پژوهش و مطالعات فرهنگی، تهران.

- تقی زاده، سیدحسن (1358هـ.ش)، زندگی طوفانی خاطرات سیدحسن تقی زاده، بەکوشش: ایرج افشار، انتشارات محمدعلی علمی، تهران.

- جاوی، سلام الله (1358هـ.ش)، فداکاران فراموش شده سده آزادی، انتشارات باشگاهـ ادبیات، تهران.

- خلعت بری، محمد ولیخان (1362هـ.ش)، یادداشتهای سپهسالار تنکابنی، گردآوری: امیر عبدالصمد خلعت بری، بەاهتمام: محمود تفضلی، انتشارات نوین، تهران.

- دولت آبادی، یحیی (1362هـ.ش)، حیات یحیی، چ4، ج3، انتشارات عطار و انتشارات فردوسی، تهران.

- سردار بهادر، جعفرقلیخان (1372هـ.ش)، خاطرات سردار اسعد بختیاری، بەکوشش: ایرج افشار، انتشارات اساطیر، تهران.

- شوستر، ویلیام مورگان (1389هـ.ش)، اختناق ایران، ت: حسن افشار، نشر ماهی، تهران.

- فخرائی، ابراهیم (1371هـ.ش)، گیلان در جنبش مشروطیت، چ3، انتشارات و آموزش انقلاب اسلامی، تهران.

- فریدالملک همدانی، میرزا محمدعلیخان (1351هـ.ش)، خاطرات فرید از 1291 تا 1334هجری قمری، گردآورنده: مسعود فرید (قراگزلو)، انتشارات زوار، تهران.

- کسروی، احمد (1363هـ.ش)، تاریخ مشروطه ایران، چ16، ج2، انتشارات امیر کبیر، تهران.

- ----------------- (1386هـ.ش)، تاریخ هجده ساله آذربایجان، چ2، انتشارات نگاه، تهران.

- ملک زاده، دکتر مهدی (1358هـ.ش)، تاریخ انقلاب مشروطیت ایران، چ4، ج6 و 7، انتشارات علمی، تهران.

**9. 3. کتێبەکان:-**

- افشار سیستانی، ایرج (1382هـش)، پژوهش در نام شهرهای ایران، چ2، انتشارات روزنه، تهران.
- بامداد، مهدی (1357هـش)، شرح حال رجال ایران در قرن 12 و 13 و 14 هجری، ج1 و ج2، انتشارات زوار، تهران.
- حقیقت رفیع، عبدالرفیع (1376هـش)، فرهنگ تاریخی و جغرافیایی شهرستانهای ایران، انتشارات کوش، تهران.
- درویشیان، علی اشرف (1357هـش)، کتاب بیستون، انتشارات شباهنگ، تهران.
- دهخدا، علی اکبر (1377هـش)، لغتنامه دهخدا، چ2، ج9، مؤسسه لغتنامه دهخدا، تهران.
- رئیس نیا، رحیم (1360هـش)، حیدر عمو اوغلی در گذر از طوفانها، انتشارات دنیا، بیجا.
- سلطانی، محمدعلی (1370هـش)، جغرافیای تاریخی و تااریخ مفصل کرمانشاهان ((باختران))، انتشارات مؤلف، تهران.
- صفایی، ابراهیم (1363هـش)، رهبران مشروته، چ3، ج1، انتشارات جاویدان، تهران.
- کازرونی، جعفر (1367هـش)، تاریخ پهلوانی در کرمانشاهـ - در دو قرن اخیر (1174 – 1374هـش)، ج1، انتشارات طاق بستان، کرمانشاهـ
- کشاورز، اردشیر (1378هـش)، نقدی بر کتاب جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل ایلات و طوایف کرمانشاهان، انتشارات طاق بستان، تهران.
- میرنیا، سیدعلی (بیتا)، ایل ها و طایفههای کرد ایران، انتشارات نسل دانش، تهران.
- نوایی، دکتر عبدالحسین (2535)، دولتهای ایران از آغاز مشروطیت تا التماتوم، انتشارات بابک، تهران.

**9. 4. نامەو تێزە زانستییەکان:-**

**9. 4. 1. ماستەرنامە:**

- صادق، دلزار صالح (2016)، ژیانی پەرلەمانی لەئێران لەنێوان ساڵانی (1906 – 1925)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر.

**9. 4. 2. تێزی زانکۆیی:**

- صادق، دلزار صالح (2023)، پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران (1941 – 1953)، دکتۆرانامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر.

**9. 5. توێژینەوەی زانستی:-**

- پروانه، نادر (بهار 1393هـش)، کرمانشاه و کردستان در عصر مشروطیت، فصلنامه مطالعات تاریخی، ش44.

**9. 6. پێگەی ئەلیکترۆنی:-**

- https://www.ahsib.com/ar/tools/convert-length/mile-to-kilometer/

**الدور العسكري ليارمحمدخان الكرماشاني في التطورات الداخلية لايران خلال الاعوام (1908 – 1912)**

**دلزار صالح صادق**
قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين –
أربيل،أربيل،اقليم كوردستان،العراق
dlzar.sadiq@su.edu.krd

**ملخص**

شهدت إيران في بداية القرن العشرين عددا من التطورات الداخلية المهمة والحساسة، التي طالت جميع جوانب الحياة السياسية والاقتصادية والاجتماعية للبلاد، والتي مرت بمرحلة حساسة من الصراع السياسي. في العام 1908 نشات الحرب والصراع الداخلي في ايران بين الشاه و الوطنيون، واستمرت الحرب الأهلية حتى عام 1912. لا شك أن الأكراد في شرق كردستان قاتلوا في هذا المركز إلى جانب الليبراليين الإيرانيين من أجل الحرية السياسية والتعبير والقضاء على الفوارق القومية والطبقية وتوفير المساواة والعدالة الاجتماعية وضحوا بحياتهم. ومن أبرز الشخصيات الكوردي الذي ضحى بحاته من اجل الحرية في ايران عامة هو المناضل الكوردي الكرمانشاهي (يارمحمدخان الكرمانشاهي)، أحد أبرز قادة الحرية في تاريخ ايران و الكورد المعاصر في إيران بشكل عام وشرق كوردستان بشكل خاص، وهو من بين أعظم وأشهر القادة في التاريخ الإيراني، الذي ضحى بحياته من أجل الحرية السياسية والتعبير في إيران بشكل عام.

**الكلمات المفتاحية:** يارمحمدخان ، الكرمانشاهي،الثورة، ايران،سالارولدولة.

**The Military Role of the Yarmohammad Khani Kermanshahi in the Internal Developments in Iran During the Years (1908 – 1912)**

**Delzar Salih Sadiq**
Department of History, College of Arts, Salahaddin
University-Erbil Erbil, Kurdistan Region, Iraq
dlzar.sadiq@su.edu.krd

**Abstract**

At the beginning of the 20th century, Iran experienced a number of important and sensitive domestic developments that affected all spheres of political, economic and social life of the country Their efforts to achieve political freedom and a constitutional life were fruitful. In 1908, the internal conflict between the Shah and the freedom fighters led to a civil war that lasted until the year 1912. There is no doubt that Kurds in East Kurdistan struggled for political freedom, expression, elimination of ethnic and class differences, equality and social justice alongside Iranian freedom fighters. The most prominent of these figures was YarMohammad Khani Kermanshahi, who was one of the most prominent Kurdish freedom fighters in Iran in general and East Kurdistan in particular and sacrificed their lives He is one of the greatest and most famous leaders in Iranian history who sacrificed his life for political freedom and expression in Iran in general.

**Keywords***:* YarMohammad Khan, Kermanshah, Revolutionary, Iran, Salar aldevleh.